# دوو ڕوویی ئەڵمانیا لە شەڕی عێراقدا

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

کیسەنجەر( وەزیری پێشووی ئەمەریکا) ، بە ئەڵمانیا و ژاپۆنی دەووت ( دەفتەری شێکاتی ئەمەریکا ) . ڕاستە بەریتانیا هەموو کات بە شێوەی ئاشکرا و لەرووی سەربازی و سیاسیەوە بەشداری شەرەنەبڕاوەکانی ئەمەریکا کردووە ،لێ ئەڵمانیا هەموو کات بە شێوەیەکی شاراوە و بەپارە بەشداریەکی تەواوی شەرە نەگریسەکانی ئەمەریکای کردووە.کەئەمەش هەڵوێستێکی ترسناکە، چونکە زۆرجار تەنها بەریتانیا تاوانبار دەکرێت و ئەڵمانیاش خۆی بەپیاوچاک لەقەڵەم داوە . لێ کاتێک جەنگی عێراق بەرپا بوو، ئەڵمانیا بە شێوەیەکی سەیروعەجایب هەڵوێستی گۆرا ، ئەوەبوو زۆر دژایەتی ئەم شەرەی کرد . ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا لای زۆر کەس چاوەروان نەکراو بوو ،بۆچی؟ چونکە ماوەی پەنجا ساڵە ئەم وولاتە هەر ئامینی بۆ دوعاکانی ئەمەریکا کردووە ، ئیتر چۆن دەبێت لە پڕ بە ئەمەریکا بلێت تۆ هەڵەیت و کوفرت کرد، ئەمە خۆی لە خۆیدا گۆرانێکی سەیرە. دیارە ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا پەیوەندی بە دوو شتەوە بوو .

یەکەم / باری ناوخۆی ئەڵمانیا . ئە وکاتە هەڵبژاردن بوو ، گێرهارد شرۆدەریش ، بەهۆی سیاسەتە دژە کرێکاریەکانی ، شەعبیەتی هاتبووە ژێر پلەی سفری سیاسیەوە. ئەم دیماگۆگە شەری عیراقی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکارهێنا . دووەمیش / ئەڵمانیا دەیویست بۆ ئەمەریکای بسەلمێنێت ،کە دەوڵەتێکی گەورەیە و دەبێت حسابی هێزێکی گەورەی جیهانی بۆ بکرێت . ئەڵمانیا چەندین ساڵە خەون بە ( ڤیتۆ) وە دەبینن ، دەیانەوێت ببنە ئەندامی هەمیشەیی نەتەوە یەکگرتووەکان ، لێ ئەمەریکا رازی نییە. بەهەرحاڵ ، ڕاستە ئەم هەڵوێستەی ئەڵمانیا لای زۆربەی چەپ بە پۆزەتیڤ لە قەڵەم درا ، لێ من هیچ کات بەم دووعایانەی ئەڵمانیام نەووتوە ئامین . ئاخر دەوڵەتێکی وەکوو ئەڵمانیا ، گەورەترین پالپشتی دەوڵەتە داگیرکەرە درندەکانی کوردستانە. گەورەترین دۆستی کۆمارە شۆڤێنیەکەی تووركە ، گەورەترین پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ کۆمارە کۆنەپەرستە کەی ئێرانە . باشترین دۆستی سەدامی خوێنمژ بووە . هەرچی چەکی کیماویی عیراق هەبوو ئەڵمانیا پێی فرۆشتووە ، ئیتر من چۆن باوەر بە فرمێسکە تیمساحاویەکانی ئەم وولاتە بکەم . زۆربەی چەکی لەشکرە درندەکەی تووركە ، بەرهەمی کۆمپانیا ئەلمانیەکانە . ساڵی 1999 مۆدێرنترین تانکیان بەم حکومەتە فرۆشت . 1000 تانکی Fuchs) ) ، کە تانکێکی زۆر مۆدێرنی مرۆڤ کوشتنە ، درا بەو کۆمارەی کە تینووی خوێنی کوردە. جگە لەوەش مێژووی ئەلمانیا وام لێدەکات ، کەهەمووکات بەشکەوە سەیری سیاسەتەکانی بکەم . ماوەی مانگێکە دەنگووباسی ئەوە بلاوبوویەوە ، کە حکومەتی ئەلمانیا لەرووی زانیاریەوە (موخابەراتی) وە ، یارمەتیەکی زۆری ئەمەریکای لەجەنگی عیراق داوە . بۆ یەکەم جار وەکوو هەموو کات ، حکومەتی ئەلمانیا نکوولی لەم هەواڵە کرد ، لێ دوێنی بەرەسمی دانیان بەم کارەدانا . ئەڵمانیا زانیاریەکی زۆری سەربازی بەئەمەریکا داوە. واتە کاری سیخووری بۆ ئەمەریکا کردووە. بگرە هەرچی سیخووری ئەڵمانی کە لەعێراقدا کاریان کردووە، خزمەتی باشیان بە لەشکری ئەمەریکا پێشکەشکردووە. تەنانەت یەکێک لە ئەفسەرە ئەمەریکیەکان ووتویەتی( سوودێکی زۆرمان لەو زانیاریانە وەرگرتووە کە حکومەتی ئەلمانیا پێمانی داوە) . سەیر لەوەیە ئەڵمانیا لەپاش شەری عێراقەوە ، لەناو جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی و عەرەبی بەتایبەت ، زۆر بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری ئەم وولاتە دەکرێت . لێ هیوادارم کەئەم ڕووداوە هەندێک جیهانی ئیسلامی بەخەبەر بهێنێتەوە ، ئاخر نابێت لەبیرمان بچێت کە هەر ئەم وولاتەبوو دووجەنگی ماڵوێرانی بۆ جیهان خولقاند و ، راونان وکووشتنی جوولەکەکان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەدەستی ئەلمانیا، وای کرد کە جوولەکەکان فەلەستین داگیربکەن و گەورەترین کێشە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دروست بکەن.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com